
# من قەڵەوم

نوسینی :بیۆرن ڕۆنینگن
چیرۆکی مناڵان..وەرگێرانی :ڕزگار عبدالکریم    -1-


دایکی هاواری لە ئانا کرد(کچم ئاووهەوا زۆر خۆشە بۆ ناچیتەدەرەوە بۆ یاری کردن؟) هاوکات دایکی کەسانێکی زۆریش دەیانزانی ئانا بۆچی ناچێتە دەرەوە ،ئانا بە پیشەی هەمیشەیی وەڵامی ئەو پرسیارانە بێ دەنگ بوو.لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە یانیکا و ماریای لەشەقامەکە بینی لەولاشیانەوە یورۆین ..ئەوان هەرسێکیان لە هەمان شەقام دەژین کە ئانای لێ دەژی،ئەوان خەریکی یاری کردن بوون ،ئەگەرچی ئانا حەزی دەکرد لەگەڵیاندا یاری بکات بەلام لەپەنجەرەکەوە لێی دەڕوانین..یورۆین کڵاوێکی کاوبۆی کردبووە سەری و دەمانچەیەك بەدەستییەوە کەوتبووە دوای یانیکا و ماریا ،ئەوانیش بە خێرایی ڕایان دەکرد یورۆین بەدوایاندا هاواری لێ دەکردن (یان دەستان بەرز بکەنەوە یان تەقەتان لێ دەکەم !!)ئانا پێیان پێدەکەنی ،یانیکا و ماریا ترس و تۆقین بە سیمایانەوە دیاربوو چونکە دڵنیابوون یورۆین شتێکی کەم نییە گەردوایان بکەوێت ئاسان لێیان نەدەبۆوە ،یانیکا و ماریا دەگەنە بەردەم ماڵی ئانا ،ماریا سەیرێکی ژوورەوە دەکات دەبینێ ئانا لەودیوەوە وەستاوە ،ئانا دەیەوێت خۆی بخاتە پشتی پەردەکەوە بۆ ئەوەی ماریا نەیبینێ بەڵام بێ سوود بوو ماریاپێکەنی و دەستێکی بۆ بەرزکردەوە..ئانا بینی کە ماریا بە گوێی یانیکا دا چرپانی ئیتر گڕی لێ ئبۆوە دەیزانی باسی ئەو دەکات ،..دایکی دوبارە بانگی کردەوە،(بۆچی وەڵام نادەیتەوە کاتێك بانگت دەکەم ؟)بەڵام ئانا هەر سەیری دەرەوەی دەکرد و هیچ نقەی لێوە نەهات ،دایکشی دەیزانی بۆچی وەڵامی نادرێتەوە ،ووتی (ئادەی وەرە بزانم چیتە ..)بەڵام ئانا هەر مات وەستابوو ،بەرەو ڕووی ئانا چوو ،لێی پرسی (ئێستاچی بووە کچم ؟) دەموچاوی ئانای رووکردە خۆی ،بەڵام ئانا وەك بێزارێك ڕووی کردە دایکی و لە چرکەیەکدا ڕایکرد بۆ ژوورەکەی خۆی



دەرگاکەی بە توندی بەدوای خۆیدا داخست بۆ ئەوەی کەس نەچێتە ژوورەوە بۆ لای ،دایکی لە دەرگاکەی دا و ووتی(بوار دەدەیت دایە بێتە ژوورەوە ؟).. دەرگای کردەوە بینی ئانا لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشتووە و هەنسك هەڵدەدا ،چاوەکانی بۆ سڕی و لەباوەشی نا ،بەڵام ئانا هەر لە گریان بەردەوام بوو.

-2-

ئانایان له قوتابخانه ناونابوو "قەڵەوی زۆرخۆر "..بەوناوەوە بانگیان دەکرد ،قەڵەو ..قەڵەو..هاوڕێکانی هاوکاتیش ڕووە و لای دەچوون و لاسایی وورگی ئەویان دەکردەوە و بۆکسیان لە سکی دەدا وپاڵیان پێوە دەنا بۆئەوەی بینوسێنن بەدیوارەکەوە ،بەردەوام ئەم بەزمەیان بە بینینی ئانا دادەمەزراند..ئەوەی ئانای دەناسی و




هاوڕێی بوایە ئەمە بەزمی بەردەوامی بوو لەگەڵ ئانا دا، لەکاتێکدا دڵنیاش بوون ئانا زۆر پێی دڵگران دەبوو تاکە کەس کە وانەبوو ئێلین بوو چونکە ئەویش لەبەر کێشەی زمانگرتنی هەمیشە دەکەوتە بەرگاڵتەی هاوڕێکانی ..بەزەحمەتێکی زۆر بانگی لە ئانا کرد (و..وە..وەرە ئێرە ) پەلی ئانای ڕادەکێشا بۆ شوێنێکی چەپی دوور لەو کەسانە ،شوێنێك بوو کەمتر هاوڕێکانی ئەچوون تاوەك دووری بخاتەوە لەوگاڵتەیەی کە پێی خۆش نی‌یە .

-3-

هەندێك جار ئانا خەونی دەبینی ،لەخەونیدا لەقەڵەوی ڕزگاری ببوو ،وەك هاوڕێکانی لێهاتبوو لە ڕووی لەش و لارەوە ،نەپێیان دەووت ئانا قەڵەو ،نەئانا زۆرخۆر ..بەتەنها ئانا و بەس ..کاتێك بەخەبەردەهات و هەستی بیستنی ڕادەگرت وەك ئەوەی گوێی بزرنگێتەوە و بەگوێی دا هاواربکەن (ئاناقەڵەو..زۆرخۆر)هەرلەبەر ئەوانەش بوو ئانا ئارەزووی قوتابخانەشی نەمابوو ،پێی وابوو مانەوە لەماڵەوە زۆرخۆشترە لەشوێنێك دڵگرانت بکات..باوکی هەمیشە دەیووت (ئانا تۆزێك قەڵەوە ..بەڵام شتێکی وانی‌یە کاتێ گەورە بوو چاك دەبێت .)

ئانا كاتێك دەچوو بۆ قوتابخانە هەستی بە بێزاری و بێتاقەتی دەكرد،ئاناَئاسایییەكە نەدەما و دەبوو بە ئانا قەڵەو ،كە بە پێ دەڕۆی بۆ قوتابخانە سەیری چواردەوری خۆی دەكرد بۆ ئەوەی بزانێت كەس لە



چواردەورییەتی ،یان ئایا كەس هەیە و لەپڕ پاڵی پێوە بنێت ؟ چونكە بەردەوام تووشی شتی وادەبوو ،بەدڵنیایییەوە تۆزێكی تر دەست پێدەكات.. چونكە ئەوان دەیانەوێت بەجۆرێك بانگی بكەن كە دڵگرانی بكەن لەكاتێكدا ئانا تەنها ئانایە و بەس،بۆیە پێویست ناكات هیچ وەلامیان بداتەوە (ئانا وای بەخۆی دەووت).

-4-

كاتێك وانەی وەرزش دەهات دڵگرانی ئانا زیاتر دەبوو چونكە ئینسان تاقەڵەو بێت ناتوانێت خێرا ڕابكات و جموجۆڵی خێرا بكات ..نارێكی لەش و لار وادەكات تەنانەت درەنگیش دەستی بە تۆ دەگات ،هەروەها لە هەڵبژاردنی جیاكردنەوەی تیپەكانیشدا دواین كەس دەبوو كە هەلدەبژێررا بۆ نێو تیمەكانی پۆلەكەیان ،كەس پێی باش نەبوو ئانای لابێت و لەتیپەكەی دابێت،پێیان وابوو تیپەكەیان لاواز دەكات،جگە لەوە كە یارییەكان دەستی پێدەكرد بە بەردەوام قسەی پێ دەوترا،هاواریان دەكرد (دەی قەڵەو..دەی )بەجۆرێك لێی نزیك دەبونەوە و دەدوان كە دڵگرانی بكەن و ماموٚستاش دركی پێ نەكات ،چونكە گەر مامۆستاكەی گوێی لێ بوایە لێی قبوڵ نەدەكردن ،پێیان دەووت ؛

- دەی نەزان ..ئەڵێی كیسەڵێت ..

بەلام هیچ كات مامۆستا شتێكی وای پێ نەدەووت ..قەت نەبووە پێی بڵێت قەڵەو یان هەرناتۆرەیەكی تر..بەتەنها بە ئانا بانگی دەكرد ،مامۆستای ڕاهێنان كاتێك بانگی كرد بۆ بەئەنجام گەیاندنی ڕاهێنانەكە بانگی كرد .پێی گووت:

-ئادەی ئانا ،وەرە لای تەختەكەو ئەوەمان بۆ بگەیەنە ئەنجام.